# هاوسەنگیخوازیی ملهۆڕەکان: مۆسکۆ، پێکەن و تاران

د. محەمەد حوسێنزادە

**بەستێنسازی**

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا دوای ڕووخانی دیواری بێرلین و هەڵوەشانەوەی یەکیەتیی سۆڤیەت و کۆتاییهاتنی جەنگی سارد، وەک زلهێزی یەکەم یان دەوڵەتی هێژمۆن[1] لە سیستەمی نێونەتەوەییدا سەری هەڵدا، بەو مانایە کە ئەو وڵاتە سیستەمی دڵخوازی خۆی لە ئاستی جیهانیدا دامەزراند و بنەماکان، نۆرم و پێودانەکان، یاسا و ڕێساکان و پرۆسەکانی بڕیاردانی ئەو سیستەمەی تا ڕادەیەکی زۆر دەستنیشان و کۆنترۆڵ کرد. لەو کاتەوە، باقی وڵاتان بەناچار شێوازی پەیوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ ئەو زلهێزە داڕشتووە، هەندێکیان دانیان بە باڵادەستی و پێگەی هێژمۆنی [1] ئەو وڵاتەدا ناوە. دەستەیەکیان خۆیان لێ گێل کردووە و گرووپێکیش دژایەتی ئەو سیستەمە دەکەن. ئەمانەی دوایی، واتە وڵاتانی دژبەری سیستەمی هێژمۆنی یان تاک جەمسەری[2]، بە گشتی دەتوانن بە دوو شێوازی پێکهێنانی هاوسەنگی نێوخۆیی یان دەرەکی[3] هەوڵی وەلانانی ئەو سیستەمە و پێکهێنانی سیستەمی فرەجەمسەری[4] بدەن. هاوسەنگیی نێوخۆیی ئاماژەیە بۆ کەڵکوەرگرتنی وڵاتێک لە هەموو توانا و فاکتۆرەکانی هێزی خۆی لە نێوخۆدا بەمەبەستی مسۆگەرکردنی ئاسایشی خۆی یان کێبڕکێ لەگەڵ وڵاتێکی زلهێز لە ئاستی دەرەکیدا. کەوابوو، لە هاوسەنگی نێوخۆییدا وڵاتان پشت بە توانای خۆیان دەبەستن. ئەم ستراتیژییە زۆر جاریش بە ناوی ستراتیژی "خۆیارمەتی"[5] دەناسرێتەوە. بەپێچەوانەوە، هاوسەنگیی دەرەکی زیاتر ئاماژەیە بۆ هەوڵی وڵاتان بۆ پێکهێنانی بەرە یاخود هاوپەیمانەتییەک بەمەبەستی دابینکردنی ئاسایشی هەر یەک لە ئەندامان یاخود بەربەرەکانێ لەگەڵ فراوانخوازیی وڵاتێکی تایبەت.

لەم ساڵانەی دواییدا بە شێوەیەکی بەرچاو و بەربڵاو چەمکگەلێکی وەک "هاوسەنگی"، "هاوسەنگیی هێز"، "پێکهێنانی هاوسەنگی"، "هاوسەنگیخوازی" و "تاکجەمسەری" و "کۆتاییی سەردەمی هێژمونی یان تاکجەمسەری" لە ئەدەبیاتی سیاسی و بەتایبەت سیاسەتی نێونەتەوەییدا و هەروەها لە میدیاکاندا بەکار دێن. زۆر جاریش بەکارهێنانیان ئاماژەیە بۆ هەوڵی وڵاتانێکی زلهێزی وەک چین و ڕووسیە بۆ کۆتاییهێنان بە باڵادەستی واشنتۆن و بەدیهێنانی جیهانێکی فرەجەمسەری. هەر لەو چوارچێوەیەدا زۆر جاریش ئاماژە بە پێکهاتنی هەندێ هاوپەیمانەتیی دژە هێژمۆن[6] کراوە. یەکێک لە بەرجەستەترین نموونەکان بەرەی ڕووسیە-چین- ئێرانە کە وەک بەرەیەکی دژە ئەمریکی ناسراوەتەوە. من لەم کورتەنووسراوەدا دەمەوێت ئاماژە بەو بەرەیە وەک بەرەی وڵاتانی ملهۆڕی هاوسەنگیخواز و بەشێک لە هەوڵەکانیان لە ئاراستەی جێگیرکردنی هاوسەنگیدا بکەم، بەڵام پێش ئەوە با بزانین مانا و نێوەڕۆکی هاوسەنگیی هێز چییە و هاوسەنگیخوازی بۆچی و لە چییەوە سەرچاوە دەگرێت؟

---

[1] -Hegemon State
[2] -unipolarity system
[3] -Internal or External balancing
[4] -Multi-polity
[5] - Self-helping
[6] -Anti-hegemon

## هاوسەنگیی هێز چییە و هاوسەنگیخوازی چۆنە؟

سەرەڕای ئەوەی لە ڕووی تیۆرەوە سوودوەرگرتنی بەردەوام لە چەمکی "هاوسەنگیی هێز" وەک چوارچێوەیەکی ڕوونکردنەوە و شیکاریی گونجاو، دەرخەری توانای فراوانی ئەو تیۆرەیە و هەروەها لە ڕووی کردەییەوە زۆرێک لە بیرمەندانیش پێیان وایە "هاوسەنگیی هێز" تاقە پێکهاتە یان لانیکەم پێکهاتەی سەرەکیی سیاسەتی نێونەتەوەییە و هاوسەنگی بە شێوەیەکی سروشتی سەر هەڵدەدات(٢)، بەڵام تاقە پێناسەیەکی نییە کە کۆدەنگی لەسەر بێت.(٣) بۆیە بە پێویستم زانیوە سەرەتا بە شێوەیەکی کورت و پوخت هاوسەنگیی هێز و مەبەستی خۆم لەو دەستەواژەیە و لە هاوسەنگیخوازی ڕوون بکەمەوە.

هاوسەنگیی هێز" یان "هاوسەنگیی هێزەکان"[1] یەکێکە لە کۆنترین تیۆرەکانی سیاسەتی نێونەتەوەیی و بەگشتی سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بۆچوونەکانی ڕیالیستەکان. هاوسەنگیی هێز، نەک وەک چەمک، بەڵکوو وەک ڕەفتارێکی سیاسی دەوڵەتەکان، مێژوویەکی کۆنی هەیە. هەرچەندە کتێبی "مێژووی شەڕەکانی پلۆپۆنزی"[2] تۆسیدید ئاماژەی بەو چەمکە نەکردووە، بەڵام شرۆڤەیەکی کلاسیکی سەبارەت بە هاوسەنگیی نێوان دەوڵەت-شارەکانی ئاتێن و ئێسپارتا[3] لە سەدەی پێنجەمی پێش زاییندا خستووەتە ڕوو. بەو حاڵەش هەرچەندە ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی کۆن، بەڵام تا پێش سەردەمی ڕێنیسانس وەک یەکێک لە فۆرمولە بنچینەییەکانی ژیانی سیاسی نەناسرابوو. یەکەم ئاماژەی ڕوون بۆ ئەو چەمکە، لە پەیماننامەی ئوتریخت (١٧١٣) بوو.(٤) لەو پەیماننامەیەدا، ئاماژە بە "هاوسەنگیی هێز" کرا وەک یەکێک لە میکانیزمە گرنگەکانی جێگیرکردنی سەقامگیری و ئاشتی لە ئورووپادا. لەوکاتەوە، هاوسەنگیی هێز چ وەک سیاسەت و چ وەک سیستەم لە مێژووی سیاسەتی جیهانی مودێرن دانەبڕاوە. دەکرێت بە کەڵکوەرگرتن لەو چەمکە ڕوونکردنەوەیەکی توکمە سەبارەت بە سیاسەتی جیهانی، لانیکەم تا ساڵی ١٩١٤، بخرێتە ڕوو.(٥)

بەگشتی هاوسەنگیی هێز زیاتر وەک سیستەمێکی دژە هێژمۆنی یان باڵادەستی وڵاتێک یان کۆمەڵێک لە وڵاتان هەژمار دەکرێت. لەم بارەوە، "ئۆرگانسکی" بیرمەندی سیاسەتی نێونەتەوەیی دەڵێت: دەتوانین بەم شێوەیە ئاماژە بە بنەما سەرەکییەکانی تیۆری هاوسەنگیی هێز بکەین: ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتان لەبەرچاو بگرن کە هێزیان ناهاوسەنگە و هەرکامیان هەوڵ دەدات تا ئەو جێگایەی بۆی دەلوێت هێزی خۆی فراوان بکات. لە ئەنجامی ئەو هەوڵانەدا سیستەمی هاوسەنگیی هێز دێتە ئاراوە. بەو واتایە کە باقی دەوڵەتەکان یەک دەگرنەوە بۆ ئەوەی هیچ دەوڵەتێک یان ژمارەیەک لە دەوڵەتەکان پێکەوە ئەوەندە هێز نەگرن کە بتوانن خۆیان بەسەر ئەوانی تردا بسەپێنن.(٦) گریمانە ئەوەیە کە هاوسەنگیی هێز ڕێگری لە جێگیربوونی هەر جۆرە زاڵیەتی و باڵادەستییەک دەکات و مانەوەی دەوڵەتانی پێکهێنەری سیستەمی نێونەتەوەیی و هەروەها خودی سیستەمەکە مسۆگەر دەکات و بەهۆی ڕێگریکردن لە سەرهەڵدانی جەنگ یاریەمتی جێگیربوون و بەردەوامبوونی سەقامگیری و ئاشتی دەدات.(٧). بۆیە هەندێ لە بیرمەندان دەڵێن، هاوسەنگیی هێز سیستەمێکی خۆپارێزانە، قایمکار و دژ بە گۆرانکارییە.(٨)

---

[1] -The balance of power
[2] -The History of the Peloponnesian War
[3] -Athens and Sparta

له ڕوانگەی ڕیالیستەکانەوە[1] کە وەک ئاماژەم پێ دا هاوسەنگیی هێز زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ بیروبۆچوونەکانی ئەوان، وڵاتان بۆ پاراستنی ئاسایشی خۆیان تەنیا یەک ڕێگەیان هەیە و ئەویش ئەوەیە کە پێڕەوی لە سیاسەتی هێز[1] بکەن. سیاسەتی هێز بە واتای وەدەستهێنان، پاراستن و کەڵەکەکردنی هیزە. بە بڕوای ڕیالیستەکان جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە لە لایەن دەوڵەتەکانەوە وەک یاسای "دەستی شاراوەی"[2] ئادام ئسمیت لە ئابووریی نێونەتەوەییدا، دەبێتە هۆی جێگیربوونی سیستەمی هاوسەنگیی هێز. واتە، کاتێک هەموو دەوڵەتەکان هەوڵی بەهێزکردنی خۆیان دەدەن، سیستەمی هاوسەنگیی هێز بە شێوەیەکی سروشتی جێگیر دەبێت. هەر دەوڵەتێک هەست بەوە بکات کە گۆڕانکاری لە دۆخی هەنووکەییدا لە قازانجی وڵات یان وڵاتانێکی تر ڕوو دەدا، خێرا بە لەبەرچاوگرتنی ئامانجی کۆتایی کە بریتییە لە پاراستنی ئاسایشی خۆی، هەوڵی جێگیرکردنی هاوسەنگی دەدات. هەر بۆیە، هەر جۆرە هەوڵێک لە ئاراستەی تێکدانی هاوسەنگیی هێز لە ناوچەیەکدا، دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی هاوپەیمانەتییەک لە دژی ئەو هەوڵە. لەم ڕوانگەوە، یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکانی پێکهاتنی هاوپەیمانەتییە نیونەتەوەییەکان، بریتییە لە ڕێگریکردن لەوەی وڵاتێک بەسەر هەموو جیهاندا زاڵ بێت. لەبەر ئەوەی کە وڵاتانی لاواز ناتوانن لەوە دڵنیا ببنەوە کە زلهێزی زاڵ تواناکانی خۆی بۆ هێرشبردن بەکار ناهێنێ، بەشوێن میکانیزمێکدا دەگەڕێن بۆ سنووردارکردنی ڕەفتاری ئەو زلهێزە. ئەگەر هەڕەشەکانی وڵاتی باڵادەست، ڕاستەقینە و ڕوون بن، ئەگەری ئەوە هەیە وڵاتانی لاوازتر پەرە بە توانای سەربازی خۆیان بدەن و هاوپەیمانەتی بەرگریکارانە پێک بهێنن یان لەگەڵ هاوبەشەکانی خۆیاندا پلانی سەربازی هاوبەش جێبەجێ بکەن یان تەنانەت بۆ گۆڕینی هاوسەنگیی هێز لە بەرژوەندی خۆیان، جەنگ بەرپا بکەن. لەم بارەوە، والتز دەڵێت: "سرووشت لە بۆشایی بێزارە، سیاسەتی نێونەتەوەیی لە هێزی بێڕکابەر بێزارە. هەندێ لە وڵاتان کە ڕووبەڕووی هێزی بێڕکابەر دەبنەوە هەوڵی فراوانکردنی هێزی خۆیان دەدەن و دەبنە هاوپەیمان بۆ دابەشکردنی هێز بە شێوەی هاوسەنگ.(٩) لەم ڕوانگەوە ئەگەر پێکهاتەی سیستەم نیونەتەوەیی ببێتە تاک جەمسەری، ئەوە حاڵەتێکی نائاساییە کە بەسەر پێکهاتەی سیستەمدا سەپاوە. بۆیە وڵاتی هێژمۆن کاردانەوەی نەرێنی بەدوای خۆیدا دێنێت و لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی هاوسەنگیی هێزەکان.

کەوابوو، مەبەستی من لە "هاوسەنگیی هێز" لەم نووسراوەیەدا، بریتییە لە هەوڵێکی ئاگایانە و بەئەنقەست بۆ ڕێگریکردن لە باڵادەستی وڵات یان وڵاتانێکی تایبەت و هەروەها ئاماژەیە بۆ جۆرە سیستەمێکی سیاسەتی نیونەتەوەیی کە سنوور بۆ باڵادەستی و بەهێژمۆنبوونی وڵاتێک دادەنێت. هەر بەپێی ئەم پێناسەیە، هاوسەنگیخوازیش مەیلێکە بۆ دابەشکردنی یەکسانیی هێز یاخود کاردانەوەیەکە بەرامبەر هێژمۆنخوازی و باڵادەستی وڵات یان وڵاتانێکی تایبەت.

## ئێستا کێ باڵادەستە و کێ هاوسەنگیخواز؟

هاودەنگییەک لەنێو پسپۆڕان و بیرمەندانی سیاسەتی نیونەتەوەییدا هەیە سەبارەت بەوەی کە ئەگەر لە پێگەی هێژمۆنیی ئامریکا لە ڕابردوودا گومان هەبێت، لانیکەم لە یەک دەیەی پاش کۆتاییهاتنی شەڕی سارد

[1] -Power politics
[2] - Invisible hand

و ساڵانی سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا، واشنتۆن بۆ ماوەی یەک دەیە مەزنەهێز[1] یان هێژمۆنی شانۆی نیونەتەوەیی بووە. بەو واتایە کە لە ڕووی خاوەنداریەتیی هێزی پێکهاتەییەوە، لە هەموو وڵاتان سەرتر بووە. بەڵام لەم دواییانەدا، کۆدەنگییەکی ڕێژەییش هاتووەتە ئاراوە سەبارەت بەوەی کە ئەمڕۆکە پێشبینییەکانی ڕیالیستەکان سەبارەت بەکاتیبوونی سیستەمی هێژمۆنی هاتوونەتە دی و ئامریکا بەرەوڕووی شەرفرۆشی و تەحەدای نەیارەکانی بووەتەوە. لەم بارەوە هەندێک دەڵێن، ڕەنگە واشنتۆن تا سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمیش هێژمۆن بووبێت، بەڵام ئەمڕۆکە هێژمۆن نییە، بەم واتایە کە ناتوانێ ئیرادەی خۆی لە هەموو شوێنێک و هەموو کاتێکدا بسەپێنێت، چونکە فراوانبوونی توانای هێرشبەرانەی ئامریکا و کەڵەگایی ئەو وڵاتە، بووەتە هۆی کاردانەوە و هەوڵی باقی وڵاتان بۆ پێکهینانی هاوسەنگی. لەم ڕوانگەوە، هاوپەیمانەتییەکانی ئامریکا لاوازتر بوونەتەوە و سەرکردایەتی ئامریکا لە ئاستی جیهانیدا سەختتر بووەتەوە. باقی وڵاتانی زلهێز هەوڵی دۆزینەوەی میکانیزمێک بۆ سنووردارکردنی توانای ئەو وڵاتە دەدەن. لانیکەم، چیدیکە وەک ساڵانی پاش جەنگی سارد یارمەتی و هاوکاریی ئامریکا بۆ جێبەجیکردنی سیاسەتەکانی نادەن. ئەو بیرمەندانە پێیان وایە وڵاتانێکی وەک چین، ڕووسیە و تەنانەت یەکیەتیی ئورووپا هەوڵی جێگیرکردنی هاوسەنگی یان بە وتەی هەندێک جێگیرکردنی سیستەمێکی فرەجەمسەری دەدەن کە ئامریکا تێیدا بڕیادەری یەکلاکەرەوە نەبێت. هەڵبەت هەندێکیش پێیان وایە کە هەر ئێستا جیهان فرەجەمسەرییە.

من لێرەدا نامەوێت باس لە یەکیەتیی ئورووپا و وڵاتانی زلهێزی ئەو ناوچەیە بکەم. لەبنەڕەتیشدا پێم وا نییە هێشتا جیهان گەیشتبێتە قۆناغێک کە ئورووپا هەوڵی جێگیرکردنی هاوسەنگی بەرامبەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا بدات(١٠)، بەپێچەوانەوە دوو زلهێزی وەک چین و ڕووسیە لە ئاستی جیهانیدا و هەندێ وڵاتی بچووکتری وەک ئێران و کوریای باکوور لە ئاستی ناوچەییدا بە ئاشکرا هەوڵی جێگیرکردنی هاوسەنگی و بەدیهێنانی جیهانی فرەجەمسەری دەدەن. بە دەربڕینێکی ڕوونتر، ئەو وڵاتانە دژایەتی باڵادەستی ئامریکا دەکەن. بێگومان ژمارەی ئەو وڵاتانە زۆر زیاترە، بەڵام ئەوانەی ئاماژەم پێدان بەرچاوترینیانن کە بە ئاشکرا بڕیاریان داوە دژایەتی سیستەم و هەیمەنەی واشنتۆن بکەن و بەرامبەر باڵادەستی ئەو مەزنەهێزە بوەستنەوە. بە تایبەت دوو زلهێزی چین و ڕووسیە هەوڵی کۆکردنەوەی باقی وڵاتانی دژە ئامریکا لە دەوری خۆیان داوە. بۆ ئەو مەبەستەش هەموو جۆرە هاوکارییەکیان دەکەن. بەرچاوترین نموونە ڕادەستکردنی تەکنۆلۆژیای سەربازییە بە وڵاتانی دژبەری واشنتۆن بە مەبەستی تەحەدای ئەو مەزنەهێزە و سنووردارکردنی تواناکانی. هەر لەم چوارچێوەیەدا، لە درێژەی باسەکەمدا هەوڵ دەدەم بە ڕوونی تیشک بخەمە سەر بەرەی هاوسەنگیخوازی مۆسکۆ- پێکەن- تاران کە وەک بەرەی وڵاتانی ملهۆڕی هاوسەنگیخواز ناوم هێناون کە هێدی هێدی مەیل و هەوڵەکانیان بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانەتییەکی دژەهێژمۆن[2] -دژە ئامریکایی- ڕوونتر دەبێیەوە. دیارە ئەو وڵاتانە لەم ساڵانەی دواییدا زیاتر لە هەموو کات پەرەیان بە پەیوەندییەکانی نێوان خۆیان داوە. چین و ڕووسیە بە ئاشکرا هەوڵی پێکهێنانی هاوسەنگیی نێوخۆیی و دەرەکی دەدەن. وەک ئاماژەم پێ دا، هاوسەنگیی نێوخۆیی گەڕانەوەیە بۆ دەرفەت و تواناکانی نێوخۆی وڵات. گەورەترین دەرکەوتەی هاوسەنگیی دەرەکیش پێکهێنانی بەرە یان هاوپەیمانەتییەک لە وڵاتانی هاوسەنگخوازە. لە جیهانی ئەمڕۆدا دەبێ بەرەی مۆسکۆ- پێکەن- تاران لەو چوارچێوەیەدا خوێندنەوەی بۆ بکرێت.

---

[1] - Super power

[2] - Anti-hegemon coalition

**بەرەی هاوسەنگیخوازە ملهۆڕەکان**

ئاماژەمان کرد کە بەرەی ملهۆڕەکان تەنیا ڕووسیە، چین و ئێران ناگرێتەوە، ژمارەی ئەو وڵاتانە زۆرن. کووبا، ڤێنزوئێلا، کوریای باکوور و سووریە هەندێکی تر لەو وڵاتانەن کە زۆر جار وەک نەیاری سیستەمی ئامریکایی ئاماژەیان پێ دەکرێت. ئاشکرایە کوریای باکوور وڵاتێکی ملهۆڕی دژە سیستەمی ئامریکییە. سووریەش بە هەمان شێوە، هەرچەندە لە ئێستادا بەهۆی چەندین ساڵ شەڕی نێوخۆییەوە زۆر لاوازە و تەنانەت بەبێ یارمەتی وڵاتانی هاوپەیمان توانای دابینکردنی ئاسایشی خۆی نییە. تەنانەت هەندێ جار باس لە تورکیە، وەک یەکێک لە وڵاتانی بەرەی ملهۆڕەکان دەکرێت. ئەوە لە کاتێکدایە کە ئەو وڵاتە ئەندامی گەورەترین ڕێکخراوی سەربازی جیهان (ناتۆ)یە کە ئامریکا سەرکردایەتی دەکات. تورکیە هەرچەندە لە ڕێکخراوی ناتۆدایە، بەڵام زۆر جار بەمەبەستی بەدەستهێنانی بەرژوەندی زیاتر هەوڵ دەدات لە وڵاتانی نەیاری ئامریکا و ڕۆژاوا نزیک ببێتەوە. هەر ئەمە وا دەکات هەندێ لە چاوەدێرانی کاروباری نێونەتەوەیی تورکیە لە بەرەی وڵاتانی ملهۆڕ دادەنێن. بەڵام من هەرچەندە لەگەڵ ئەوەدا هەم کە تورکیە لەژێر کاریگەریی ڕوانگەکانی ئەردۆغان لە ئێستادا لە گرووپی وڵاتانی ملهۆڕدایە، بەڵام لە ئاستی دەرەکیدا لە کۆتاییدا دەکەوێتە بەرەی وڵاتانی سەر بە ڕۆژاوا و ناتۆ، بۆیە تا داهاتوویەکی چاوەڕوانکراو هەر وەک هاوپەیمانێکی ئامریکا دەبێ سەیر بکرێت نەک وەک وڵاتێکی دژە ئامریکا. بەم پێشەکییەوە با زیاتر بپرژێینە سەر بەرەی ملهۆڕەکان و بە ڕووسیەوە دەست پێبکەین.

هەرچەندە ڕووسیە دوای هەڵوەشانەوەی یەکیەتیی سۆڤیەت، تا ڕادەیەکی زۆر پێگەی نێونەتەوەیی خۆی لەدەست دا، بەڵام هێشتا خاوەن تایبەتمەندییەکانی وڵاتێکی زلهێزە و لە ئەگەری هەبوونی هەلومەرجی لەباری نێوخۆیی و دەرەکیدا، ئەو وڵاتە توانای ئەوەی هەیە وەک زلهێزێکی ئەم سەدەیە بمێنێتەوە. کرێملین دوای قۆناغێک پاسیڤبوون کە سەرقاڵی بنیاتنانەوەی سیاسەت و ئابووریی لە نێوخۆی سنوورەکان بوو، هەوڵ دەدات ڕۆڵێکی چالاکانەتر لە هاوکێشە ناوچەیی و تەنانەت جیهانییەکاندا بگێڕێت و ئەم سیاسەتە لەم ساڵانەی دواییدا ڕوونتر بووەتەوە. نەوەی نوێی سەرکردەکانی ڕووسیە خوازیاری کۆتاییهاتنی هێژمۆنی ئامریکا و بەرزکردنەوەی پێگەی مۆسکۆ لە شانۆی نێونەتەوەیی لە چوارچێوەی سیستەمێکی فرەجەمسەریدان. ڤێلادیمیر پۆتین هەر لە سەرەتای بەدەسەڵاتگەیشتنی لە ساڵی ٢٠٠٠، بە ڕوانگەیەکی جیاواز (بەتایبەت ڕوانگەیەکی ناسیونالیستییەوە) سەرکردایەتی وڵاتەکەی دەست پێ کرد و هەوڵی دا ڕۆحی مێژوویی سەرکەشی ڕووسیە زیندوو بکاتەوە. پۆتین هەڵوەشانەوەی یەکیەتیی سۆڤیەتی بە ""کارەساتی سەدە" ناو برد و بەڵێنی دا ڕووسیە بەهێز بکاتەوە. لە ڕوانگەی پۆتینەوە ڕووسیە لە ڕووی مێژوورییەوە ناچارە وڵاتێکی زلهێز بێت. بەپێی ئەم ڕوانگە، ڕووسیە بە هۆی کۆمەڵێک تایبەتمەندی نەگۆڕ وەک پانوبەریی جوغرافیایی، پێگەی ژیۆپۆلیتیک، توانای ئەتۆمی و سەربازی، خاوەنداریەتیی سەرچاوەی فراوانی وزە و سەرچاوە سرووشتیەکان، سەرمایەی مرۆیی و بەتوانا وڵاتێکی زلهێزە و شیاویەتی بەدەستهێنانی ئەو پێگەیە هەیە. هەر بە بڕیاری پۆتین دوو سیاسەتی سەرەکی، واتە پاراستنی بەرژوەندییەکان لە ناوچەکانی دەوروبەر [دەرەوەی نزیک] و پەرەپێدان بە دەستکەوتە مەزنەکانی ڕابردوو وەک سیاسەتی سەرەکی دەستنیشان کران. ئەمانە ئامانجە سەرەکییەکانی پۆتین بوون لە سەرەتای بەدەسەڵاتگەیشتنی. لەم

چوارچێوەیەدا ڕووسیە ڕووی لە ڕۆژهەڵاتگەرایی بەمەبەستی پێکهێنانی هاوسەنگیی لەگەڵ ڕۆژاوا کرد. دژایەتی توند لەگەڵ بڕیاری وڵاتانی ئازەربایجان و جۆرجیا بۆ بەئەندامبوون لە ڕێکخراوی ناتۆ، هەوڵدان بۆ چەسپاندنی پێگەی ڕووسیە لە بازاڕی وزە و کەڵکوەرگرتن لە وزە بۆ گوشار خستنەسەر ئورووپا، هەوڵدان بۆ پێشخستنی ئابووری ڕووسیە، بەردەوامی لە هەوڵەکان بۆ بەرزکردنەوەی پێگەی ڕووسیە لە نێو کۆمارە سەربەخۆکانی قەفقازی باکوور، گێڕانی ڕۆڵی بەرچاو لە ناکۆکییەکانی دەرەوەی سنوورەکان وەک فەلەستین، سووریە و پرسی ئەتۆمی کوریای باکوور، پەرەپێدان بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ زلهێزێکی وەک چین و دامەزراندنی ڕێکخراوی هاوکاریی شانگهای، داخستنی بنکەی سەربازیی ئامریکا لە ئوزبەکستان لە ڕێگای ڕێکخراوی هاوکاریی شانگهای لە ساڵی ٢٠٠٥، کێبڕکێی ڕووسیە لەگەڵ واشنتۆن بۆ بەدەستهێنانی بازاڕی زیاتری چەکوچۆڵ، دژایەتیکردن لەگەڵ زۆرێک لە بڕیارەکانی ئامریکا سەبارەت بە دۆسیەی ئەتۆمی ئێران و لەم دواییانەشدا هێرش بۆ سەر ئوکراینا بەمەبەستی ڕێگریکردن لە پەرەسەندنی زیاتری ناتۆ یاخود بەو جۆرەی هەندێک دەڵێن بەمەبەستی فراوانکردنی سنوورەکانی لە سەرەکیترین تەوەرەکانی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتگەرایانە و دژە ڕۆژاوایی و لە گرنگترین نیشانە بەرجەستەکانی هاوسەنگیخوازیی ڕووسیە بەرامبەر باڵادەستیی واشنتۆنن. ئەوەی کە ڕووسیە چەندە لەو سیاسەتەدا سەرکەوتوو بووە بابەتێکی جێگای مشتومڕە. لێرەدا گرنگ تێگەیشتن لە هەوڵەکانی ڕووسیە بۆ ڕکابەرێتی ئامریکا و چەسپاندنی جیهانی فرەجەمسەرییە. لە گەڵاڵەی دکتۆرینی سەربازیی ڕووسیە لە ساڵی ٢٠٠٧دا هاتبوو کە "هیچ کێشەیەک لە جیهانی ئەمڕۆدا بەبێ بەشداریی ڕووسیە چارەسەر ناکرێت. هیچ جێگرەوەیەک بۆ جیهانی فرەجەمسەری بە بەشداریی ئامریکا، یەکیەتیی ئورووپا، ڕووسیە، چین و هیند نییە".[١١] تێوەگلانی ڕووسیە لە شەڕی نێوخۆیی سووریە و هەوڵەکانی بۆ پاراستنی بەشار ئەسەد و هەروەها هێرش بۆسەر ئوکراینا و داگیرکردنی خاکی ئەو وڵاتە، زەقترین نموونەکانی پراکتیزەکردنی ئەو دکتورینەن.

هەروەها وڵاتی چین کە بە کاندیدی بەدەستهێنانی پێگەی هێژمۆنیی جیهان دەناسرێتەوە، بەردەوام پەرە بە تواناکانی خۆی دەدات. چین سێیەم وڵاتی گەورە لە ڕووی جوگرافیا، پڕحەشیمەتترین وڵاتی جیهان و خاوەن یەکێک لە بەتواناترین هێزە سەربازییەکانی گەردوون و دوای ئامریکا و ڕووسیە سێیەمین گەورەهێزی سەربازی بە هەژمار دێت. چین لەو وڵاتانەیە کە بەردەوام تەحەدای پلانەکان و سیستەمی ئامریکایی دەکات. توانای سەربازی- ئەتۆمی، توانای ئابووری، توانای سیاسی ئەو دەوڵەتە و خاوەندارییەتی مافی ڤیتۆ لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان وا دەکەن زیاتر سەرنج بدەینە ئەو وڵاتە.

دوای هەڵوەشانەوەی یەکیەتیی سۆڤیەت، چین لەمپەرێکی ئەوتۆی لەبەردەم هێزگرتنی زیاتری خۆیدا نەدەبینی و ئێستاش لەو بڕوایەدایە کە خاوەندارییەتیی ئابوورییەکی بەهێز، هێزی مرۆیی کارامە و جوگرافیایەکی بەرین و هتد، داهاتوویەکی گەشی بۆ دابین دەکەن. قەبارە و ڕێژەی گەشەی ئابووری ئەو زلهێزە لەم ساڵانەی دواییدا کاریگەرییەکی زۆری لەسەر پێگەی ئەو وڵاتە لە کۆمەڵگەی جیهانیدا داناوە کە ناکرێت پشتگوێ بخرێت. هەر جۆرێک بێت، سەرکردەکانی چین هەموو هەوڵی خۆیان خستووەتە گەڕ بۆ گەیاندنی هێزی ئابووری و ستراتیژیی خۆیان بۆ ئەوپەڕی خۆی. ئەگەر هاوسەنگیی هێز وەک هەوڵە نێوخۆیی یان دەرەکییەکانی وڵاتێک یان هاوپەیمانەتییەک بەمەبەستی فراوانکردنی توانای سەربازی پێناسە بکەین، چین لە سەرەتای دەیەی ١٩٩٠وە بە هێواشی بەڵام بە شێوەیەکی جدی ئەو هەوڵانەی دەست پێ کردووە[١٢] و بەردەوام بوودجەی سەربازیی خۆی زیاد کردووە. ئەو وڵاتە بەردەوام سەرقاڵی نوێکردنەوەی

هێزە دەریایی و ئاسمانییەکانی خۆیەتی، هەروەها هەوڵی پەرەپێدان بە توانای مووشەکی خۆی داوە، بە جۆرێک کە مرۆڤ هەست دەکات ئامانجی ئەو هەوڵانە ئامریکایە. بەرپرسانی سەربازی چین پێیان وایە جیهان پێک هاتووە لە چەندین زلهێز و هەروەها پێیان وایە هێژمۆنی ئامریکا گەورەترین هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایشی جیهان، بۆیە بە وردی چاودێری توانا سەربازییەکانی واشنتۆن دەکەن.[١٣] پێکەن لە کایەکردن وەک وڵاتێکی ژێردەستەی واشنتۆن بێزارە. سەرچاوەکانی هێز سنووردارن و هەستانەوەی چین و کۆنترۆڵکردنی بەشێک لە سەرچاوەکانی جیهان، لە ئاستی جیهانیدا تەنگ بە ئامریکا هەڵدەچنێت. بە سەرهەڵدانی چین، ناکۆکی سەرەکیی لە نێوان واشنتۆن و پێکەن ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر ئاشکرا دەبێت و ئەم پێکدادانی بەرژەوەندیانە لەسەرەوەی ناکۆکییە ئایدۆلۆژییەکانەوە لەکۆتاییدا دەگۆڕدرێ بۆ کێبڕکێی بەرژوەندییە ستراتیژییەکان لە ئاسیا-پاسیفیک و تەنانەت لە ئاستی جیهانیدا. ئەمەش لەگەڵ سیاسەت و بەرژوەندییەکانی ئامریکادا یەک ناگرێتەوە. ڕۆبێرت گیلپین بیرمەندی بەناوبانگی بواری ئابووری نێونەتەوەیی نزیکەی ٤٠ ساڵ پێش ئێستا باسی لەوە کرد کە وڵاتێکی تازەپێگەیشتووی وەک چین دەتوانێت تەحەدای هێژمۆنی ئامریکا بکات، ئەوسا بە دڵنیاییەوە فراوانخوازی دەکات و خوازیاری بەدەستهێنانی پێگەی هێژمۆنی ناوچەیی و بەرزبوونەوەی پێگەی خۆی لە ئاستی جیهانی و گۆڕینی یاسا و ڕێسا نێونەتەوەییەکان لە بەرژوەندیی خۆی دەکات. وا دیارە ئێستا جیهان بەو ئاقارەدا دەچێت. تێکەڵاوێک لە جوغرافیا، تەکنۆلۆژیا و داهێنانی ستراتیژیک دەتوانێت چینی پێداچوونەوەخواز زیاتر هان بدات، بەڵام ئەوەی کە ئایا ئەو وڵاتە لە کۆتاییدا لە هەوڵەکانی سەر دەکەوێت یاخود نا، تا ڕادەیەک بەستراوەی ڕێژەی پشتیوانیکردنی باقی وڵاتانە و گرێدراوی ئەوەیە کە ئایا ئامریکا دەتوانێت پشت بە یارمەتی و هاوکاریی خێرا و پێویستیی هاوپەیمانانی خۆی لە ئاستی جیهانی و ناوچەکەدا ببەستێت یان نا.[١٤]

بەهەرحاڵ، هەردوو زلهێزی ڕووسیە و چین بە لەبەرچاوگرتنی بەرژوەندی و هەروەها هەڕەشە هاوبەشەکانیان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەرە بە پەیوەندییەکانیان دەدەن. بە لەبەرچاوگرتنی ئامانجە سەرەکییەکانیشیان لە ئاستی نێونەتەوەییدا، زیاتر لێک نزیک دەبنەوە. وەک لە باسەکانی پێشوودا دەر دەکەوێت، گرنگترین بابەتێک کە سیاسەتی دەرەوەی ئەو دوو وڵاتە پێکەوە گرێ دەداتەوە، بریتییە لە جەختکردنەوە لەسەر جێگیرکردنی فرەجەمسەری و دژایەتیکردنی باڵادەستی ئامریکا. بۆیە وەک نوکتەیەک دەوترێت، هەر کات سەرکردەکانی ڕووسیە و چین دیدار دەکەن، سەبارەت بە مەترسییەکانی هێژمۆنیی ئامریکا گفتوگۆ دەکەن و ڕاگەیەندراوی هاوبەش دەر دەکەن. بە کردەش پەنابردنی ئەو دوو وڵاتە بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گێڕانی ڕۆڵی زیاتر لە هاوکێشە جیهانییەکاندا، هاوکارییەکانیان لەگەڵ وڵاتانی دژە ئامریکا بۆ پەرەپێدان بە توانا ئەتۆمی و سەربازییەکانیان، پەرەپێدان بە پەیوەندییەکانیان لە بواری تەکنۆلۆژیا، ئابووری و بازرگانی و سەربازی، پێکهێنانی ڕێکخراوی شانگهای کە بە ناتۆی ڕۆژهەڵات ناسراوە، دژایەتی لەگەڵ دامەزراندنی سیستەمی بەرگری دژە مووشەکی ئامریکا لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ئورووپا و بە گشتی لە ئاستی جیهانیدا لە نموونەی بەرهەڵەستکارییەکانی دیکەی ئەو وڵاتانەن بەرامبەر واشنتۆن. مۆسکۆ و پێکەن هەوڵ دەدەن خۆیان وەک جێگرەوەی ئامریکا بنوێنن.

بەڵام خاڵێکی گرنگ کە پێویستە لێرەدا ئاماژەی پێ بکرێت ئەوەیە کە، مۆسکۆ و پێکەن نە بە تەنیا دەتوانن ببنە تاکە زلهێز یان هێژمۆنی جیهان و نە دەتوانن بەربەرەکانێ لەگەڵ ئامریکای باڵادەست و پێکهێنانی جیهانی فرەجەمسەری بکەن و لە هەوڵەکانیان بۆ هاوسەنگکردنی هێزی جیهانی سەر بکەون، بەڵام ڕەنگە

لە ڕێگای هاوبەشکردن و کەڵەکەکردنی تواناکانیانەوە و هەروەها ڕاکێشانی باقی دژبەرانی ئامریکا بۆ لای خۆیان کە زۆربەشیان بە وڵاتانی یاخی و شەڕئەنگێز ناسراون، ببنە خاوەن هێزێکی بەرفراوان لە چوارچێوەی بەرە یاخود هاوپەیمانەتییەکدا. ئێران وەک نموونەی ئەو وڵاتە یاخی و شەڕئەنگێزانەیە کە مۆسکۆ و چین بۆ پێکهێنانی بەرە یاخود هاوپەیمانەتییەک گرنگی پێ دەدەن.

دەزانین کە ئێرانیش ڕوانگەیەکی هاوشێوەی ڕووسیە و چینی بەرامبەر هەیمەنە و باڵادەستی ئامریکا هەیە؛ بە کردەش هەوڵی داوە بە شێوازی جۆراوجۆر، وەک دژایەتیکردنی نەخشەڕێگا و پلانەکانی ئامریکا لە ئاستی جیهان و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بەتایبەت لە ناوچەی کەنداو، دژایەتی پلانی ئاشتی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل، هەڕەشە لە هاوپەیمانانی ئامریکا لە ناوچە، هەڕەشەی مووشەکی لە بنکە سەربازییەکانی ئامریکا و پشتیوانیکردن لە گرووپە تیرۆریستییەکان لە ناوچە و بەتایبەت لە عێراق و ئەفغانستان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئامریکا و هەروەها دژایەتیی بنەماکانی سیستەمی جیهانی واشنتۆن تووشی سەرئێشە بکات. تاران تەنانەت ڕیفۆرمی نێوخۆیی و سیستەمی دێموکراسیش بە دیاردەیەکی ئامریکایی دادەنێت، بەها و بایەخەکانی سیستەمی نوێی جیهانی ڕەت دەکاتەوە و پرسەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ بە بیانووی تێکەڵاوییان لەگەڵ بەهاکانی ڕۆژاوا و بە تایبەت ئامریکا پێشێل دەکات. ئەو وڵاتە ڕێک هاوشێوەی مۆسکۆ و پێکەن پەرەسەندنی ڕێکخراوی ناتۆ و هێزگرتنی ئامریکا لە لە ئاستی جیهانیدا بە هەڕەشەیەک لەسەر ئاسایشی خۆی دەزانێت. بۆیە بەردەوام پەرەی بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەر دوو وڵاتی چین و ڕووسیە داوە. ئەمڕۆکە پەیوەندییەکانی تاران لەگەڵ پێکەن و مۆسکۆ لە ئاستێکدایە کە دەوترێت هەر جۆرە تەکنۆلۆژیایەکی سەربازی و چەکوچۆڵ، بەتایبەتی تەکنۆلۆژیای چەکە ئاساییەکانی ڕووسیە و چین بە خێرایی ڕادەستی کۆماری ئیسلامی، دەکرێت.

هەڵبەت ئێرانیش ماوەیەکی زۆرە بۆ ئەو مەبەستە هەوڵی فراوان دەدات و ئەم سیاسەتەش نوێ نییە و ساڵانێکی زۆرە و تەنانەت لە سەردەمی ڕیفۆرمخوازەکانی کۆماری ئیسلامیشدا کە بە ڕەواڵەت دەگوترا ڕوانگەیان نزیک لە ڕۆژاوایە هەوڵی پەرەپیدان بەو پەیوەندیانە دراوە. بۆ نموونە لە سەردانی محەممەد خاتەمی، بەناوبانگترین سەرۆک کۆماری ڕیفورمخوازی ئێران بۆ ڕووسیە لە مانگی مارسی ٢٠٠١دا، جەخت کرایەوە لەسەر پەرەپێدان بە هاوکارییەکان لە بواری سەربازی- ستراتیژیک لە نێوان مۆسکۆ و تاران لە چوارچێوەی پەیوەندییەکانی سێگۆشەی مۆسکۆ-پێکەن-تاران. هەروەها سەرۆکی ئەنجومەنی دەستنیشانکردنی بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ١٣ ئوتی هەمان ساڵ، لە میانەی دیدار لەگەڵ ماتریاسۆ[1] باڵوێزی ڕووسیە لە تاران، جەختی کردەوە کە ئامریکا ناتوانێت ببێتە هۆی لاوازبوونی هاوکارییە ستراتیژییەکانی ئەو سێ وڵاتە. دوای ڕووداوەکانی ١١ی سیپتەمبەری ٢٠٠١، پەیوەندییە ستراتیژییەکانی بەرەی ملهۆڕان زیاتر پەرەیان سەند. هەر سێ وڵات لە ڕێگای دیپلۆماسی و هەوڵە سەربازییەکانەوە هەوڵیان دا ڕێگری بکەن لە مانەوە و نفوزی ئامریکا و ڕێکخراوی ناتۆ لە ئەفغانستان و ئاسیای نێوەڕاستدا. گرێبەستی بیست ساڵەی چین و ئێران نموونەیەکی دیکەیە لە نزیکبوونەوەی هەرچی زیاتری ملهۆڕانی دژە هێژمون. جەنگی ڕووسیە لە دژی ئوکراینا و یارمەتی و پشتیوانییە هەمەلایەنەکانی کۆماری ئیسلامی لە مۆسکۆ و هەروەها سەردانی سەرۆکی چین لە ڕووسیە لەم دواییانەدا و سەرەڕای ناڕەزایەتی دەربڕینی وڵاتانی ڕۆژاوا،

---

[1] - Matryasov

دەرخەری نزیکبوونەوەی هەرچی زیاتری ئەو وڵاتانەن. هەندێ لە شارەزایان پێیان وایە لە ئێستادا هاوپەیمانەتییەکی بەفەرمی ڕانەگەیەندراو لە نێوان ئەو سێ وڵاتەدا هاتووەتە ئاراوە؛ تەنانەت دەستەیەک لە شارەزایانی سیاسەتی نێونەتەوەیی باس لە هاوپەیمانەتی سەربازی فەرمیی نێوان مۆسکۆ-تاران دەکەن.

بەهەرحاڵ، ئەو سێ وڵاتە ملهۆڕە کە ناکۆکیی قووڵیان لەگەڵ ئامریکادا هەیە، ئەگەرچی ئاست و ڕێژەی دژایەتی هەر کامیان لەگەڵ واشنتۆندا یەکسان نییە، بەڵام ئەوەندە هەیە کە بتوانێت لە دەور یەکیان کۆ بکاتەوە و هانیان بدات بۆ پێکهێنانی بەرەیەک بۆ لێکنزیککردنەوەی سیاسەتە دەرەکییەکانیان. دەکرێت بڵێین پەرەپێدان بە هاوکاریی سەربازی، هەواڵگریی و ئابووری نێوانیان بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوەی باڵادەستی ئامریکا، کێبڕکێی لەگەڵ ڕێکخراوی ناتۆ و ڕێگریکردن لە پەرەسەندنی ئەو ڕێکخراوەیە و هاوکاریی بەربڵاوی ڕووسیە و چین لە ڕێکخراوی شانگهای و وەرگرتنی ئێران و هەندێ لە نەیارانی واشنتۆن وەک ئەندامی ئەو ڕێکخراوە و داواکاری ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە سەبارەت بە چوونەدەرەوەی ئامریکا لە ناوچە نموونەی دیکەی هەوڵەکانی ئەو سێ وڵاتەن لە چوارچێوەی هاوسەنگیخوازیدا.

بەڵام ئەوەی کە ئایا لە کۆتاییدا ئەو هەوڵانە بۆ جێگیرکردنی هاوسەنگی و شکاندنی هەیمەنەی ئامریکا سەر دەکەون یان نا، بەستراوەی جۆری کاردانەوە و سیاسەتی داهاتووی ئامریکا بەرامبەر ئەو هەوڵە، بەردەوامبوونی ڕێژەی گەشەی ئابووری چین، بەردەوامبوونی پەیوەندییە ئاساییەکانی نێوان وڵاتانی ملهۆڕ و هەروەها چەندین فاکتۆری نێوخۆیی و دەرەکی دیکەیە کە لەم نووسراوەدا ناگونجن و بابەتی وتارێکی ترن.

### بەسەرداچوونەوەیەک وەک ئەنجام:

هەرچەندە من لەم نووسراوەیەدا ئاماژەم بە بەشێک لە سیاسەتەکانی وڵاتانی نەیار و دژبەری ئامریکا کرد و چەند نموونەیەکم وەک هەوڵی هاوسەنگیخوازانە خستە ڕوو، بەڵام زیاتر هەوڵم داوە چوارچێوەیەکی تیۆری بناسێنم کە بتوانێت سیاسەتەکانی هەر یەک لەو وڵاتانە بەرامبەر ئامریکا و هەروەها سیاسەت و پەیوەندییەکانی بەرەی ملهۆڕانی هاوسەنگیزخواز ڕوون بکاتەوە.

بەگشتی سەرباری ئەوەی سیستەمی تاکجەمسەری و هێژمۆنی لە جیهاندا سیستەمێکی دڵخواز نییە و زاڵبوونی وڵاتێک بەسەر هەموو جیهاندا هەڵگری هەندێ مەترسی و هەڕەشەیە،(١٥) لەگەڵ ئەوەشدا کە من لەگەڵ ڕوانگەی ئەو بەشەی لە ڕیالیستەکانم کە پێیان وایە سیستەمی هێژمۆنی و تاکجەمسەری سیستمەکی تاوەکی و کاتییە و لە کۆتاییدا جیهان مەیلی بۆ بنەجککردنی هاوسەنگییە(١٦)، بەڵام نابێ ئەوە لەبیر بکەین کە سەرکەوتنی وڵاتانی ملهۆڕ و دیکتاتۆر و دژە دێموکرات، جیهان لەوەی کە ئێستا هەیە ناخۆشتر و بەرەو تاریکی زیاتر دەبات و وەڕەزکەر و هەرەسناکتری دەکات. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر پێویستە ئاماژە بەو خاڵە بکەم کە واشنتۆن هەرچەندە زۆر جار لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی خۆیدا پشتگیری لە سەرکردە دیکتاتۆر و ملهۆڕەکان لە ناوچە جیاجیاکانی جیهاندا، بە وڵاتانی داگیرکەری کوردستانیشەوە کردووە، بەڵام زۆر جاریش بووەتە هۆی گەشەسەندنی هەندێ لەو بەها و بایەخانەی کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی گرنگییان پێ دەدات: لەوانە دێموکراسی و ئازادی و مافەکانی مرۆڤ؛ هەندێ جاریش بەتایبەت لە باشووری کوردستان لە سەرەتای دەیەی ١٩٩٠ و هەروەها لە ڕۆژاوای دوای دەستپێکردنی شەڕی نێوخۆیی

سووریە پشتگیری لە نەتەوەی کورد کردووە و تا ڕادەیەکی زۆر یارمەتی پێکهێنانی کیان یان قەوارەیەکی نیوەسەربەخۆی کوردی داوە.

بەگشتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا لەچاو زلهێزانی پێشووتری جیهان و ئێمپراتورییەتەکان (ئیمپڕاتوریەتی ڕۆم، هیتلەر و فەرەنسا و تەنانەت یەکیەتیی سۆڤیەت)، بە هێژمۆنێکی خاوەنچاکە و هێمن ناسراوە نەک هێژمۆنێکی شەڕەنگێز و ملهۆڕ و پەلاماردەر. وەک وتم هەندێ لەو بەها و بایەخانەی کە لە جیهانی ئێستادا زۆرینەی مرۆڤەکان پێشوازییان لێ دەکەن، لانیکەم لە چوارچێوەی سیاسەتی دەرەوەی واشنتۆندا بانگەشەیان بۆ دەکرێت؛ ئەوە لە حاڵێکدایە کە بەرەی وڵاتانی ملهۆڕی هاوسەنگیخواز و بەتایبەت بەرەی مۆسکۆ-پێکەن- تاران بە توندی دژایەتی ئەو بەهایانە دەکەن. بەگشتی ئەو وڵاتانە وڵاتانێکی گەندەڵن کە لەنێوخۆدا دژایەتی مافەکانی مرۆڤ، ئازادی بە هەموو ڕەهەندییەکانییەوە و بەگشتی دژایەتی دێموکراسی ڕاستەقینە دەکەن و لە دەرەوەی سنوورەکانیشیان هەر کات بە پێویستی بزانن و دەرفەتیان بۆ بڕەخسێت، یاسا و ڕێسا نیونەتەوەیییەکان پێشێل دەکەن. ڕەنگە جیهان بە سەرکردایەتی ئامریکا جیهانێکی ئارمانی و دڵخواز نەبێت، بەڵام جیهانێک کە ملهۆڕەکان سەرکردایەتی بکەن ئێجگار بێزارکەر و قیزەون دەبێت. بەڵام سیاسەتی جیهانی ئامێتەی گۆڕانکارییە، هەرچەندە لە بنەما سەرەکییەکانی سیاسەتدا گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ ڕوو نادات. گرنگ ئەوەیە هەر نەتەوەیەک خاوەن ستراتیژی و پلانێکی توکمە بێت کە لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەدا تەبا بێت و بتوانێت زیاترین ئاستی بەرژوەندییەکان دەستەبەر بکات. بۆ ئەوەش پێویستمان بە خوێندنەوەی ورد و زانستیانەی سیاسەتی نێونەتەوەییە.

### یادداشت و سەرچاوەکان

١ـ هەڵبەت لە سیاسەتی نێونەتەوەییدا جیاوازییەکی ورد هەیە لە نێوان وڵاتێکی باڵادەست و وڵاتێکی هێژمۆندا. دەکرێ بڵێین هەر وڵاتێکی هێژمۆن، وڵاتی باڵادەستیشە، بەڵام مەرج نییە وڵاتێک کە لەنێو باقی وڵاتاندا باڵادەستە، وڵاتێکی هێژمۆن بێت. هێژمۆن لە پێناسەی خۆیدا خاوەن هەندێ تایبەتمەندییە کە وڵاتی باڵادەست ئەو تایبەتمەندییانەی نییە. بۆ نموونە پێویستە وڵاتی هێژمۆن خاوەن هێزی پێکهاتەیی[1] (هێزی ئابووری، سەربازی، کلتووری-ئایدۆلۆژی و پیشەسازی) بێت و تا ڕادەیەکیش دەسەڵاتەکەی لە ئاستی جیهانیدا ڕەوا بێت و ژمارەیەکی زۆر لە دەوڵەتان دانیان بە ڕابەرایەتی و هێژمۆنی ئەو دەوڵەتدا نابێت. بۆ نموونە "جۆن جی. مێرشایمێر" بیرمەندی بەناوبانگی سیاسەتی نیونەتەوەیی دەڵێت: هەر دەوڵەتێک بیەوێت ئاسایشی ڕەها بەدەست بهێنێت، دەبێ ببێتە هێژمۆنیی نیونەتەوەیی، بۆیە دەوڵەتەکان تەنیا هەوڵ نادەن ببنە دەوڵەتی باڵادەست، بەڵکوو هەوڵ دەدەن ببنە هێژمۆنی. (لەم بارەوە بروانە: ڕیچارد لیتل(1389). **تحول در نظریه‌های موازنه قوا**، مترجم: غلامعلی چگنی‌زاده، تهران: انتشارات موسسه فرهنگی مطالعات و تحقیقات بین‌المللی ابرار معاصر، چاپ نخست، آبان ماه، ص 28

بەڵام من لەم نووسراوەدا ئەو جیاکارییەم لەبەرچاو نەگرتووە و زۆر جار چەمکەکانی "باڵادەستی" و "هێژمۆنی" و تەنانەت "تاک جەمسەری"م بە یەک واتا بەکار هێناوە.

[1] Structural Power

٢. بۆ نموونە کێنێت والتز داڕێژەری تیۆریی ڕیالیزمی نویێ لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا، پێی وایە هاوسەنگیی هێز بە شێوەیەکی بێچەندوچوون و ناچارەکی، لە پێکهاتەی نێونەتەوەییەوە سەرچاوە دەگرێت. لە ڕوانگەی والتزەوە بەدەر لەوەی هەندێک یاخود هەموو دەوڵەتەکان ئاگایانە و وشیارانە خوازیاری پێکهێنان یان پاراستنی هاوسەنگی بن یاخود پاراستنی هێژمۆنیی خۆیان، مەیلی جێگیرکردنی هاوسەنگی بە شێوەیەکی ئۆتوماتیک و خۆکار خۆی دەردەخات. بڕوانە:

جیمز دوئرتي و رابرت فالتزگراف(1383). **نظريه‌هاي متعارض در روابط بين‌الملل**، مترجمين: وحيد بزرگي و عليرضا طيب، تهرن: انتشارات قومس، چاپ سوم،845، ص ٦٧.

٣. بۆ نموونە: مارتین وایت ٩ پێناسەی جیاواز لە هاوسەنگیی هێز لێک جیا دەکاتەوە کە بریتین لە: دابەشکردنی هێز بە شێوەی هاوسەنگ، پێویستیی دابەشکردنی هێز بە شێوەیەکی هاوسەنگ، دابەشبوونی هەنووکەیی هێز، واتە هەر جۆرە دابەشبوونێکی هێز، پەرەسەندن و فراوانبوونی یەکسانی زلهێزەکان لە زیانی وڵاتانی لاواز، پێویستیی خاوەنداریێتی هەموو وڵاتان لە ڕێژەیەک هێز بۆ لەناوبردنی دابەشبوونی ناهاوسەنگیی هێز، ڕۆڵێکی تایبەت لە پاراستنی هاوسەنگیی هێز، پشکێکی تایبەت لە دابەشبوونی هێزی بەردەست و هەروەها مەیلی سرووشتیی سیستەمی نێونەتەوەیی بۆ بەرهەمهێنانی هاوسەنگیی هێز. بۆ خوێندنەوەی زیاتر لەم بارەوە بڕوانە:

گراهام ایوانز و جفری نونام، **فرهنگ در روابط بین الملل**، ترجمه: حمیرا مشیرزاده و حسین شریفی، تهران: نشر میزان، چاپ اول، تابستان، ص 75.

٤. پەیماننامەی ئوتریخت (Treaty of Utrecht) پێکهاتووە لە کۆمەڵێک ڕێککەوتننامەی نێوان وڵاتانی ئورووپا کە، بەمەبەستی کۆتاییهێنان بە شەڕی جێگرەوەی پاشایەتی ئیسپانیا لە نیوان لویی چواردەهەم پاشای فەرەنسا و فیلیپی پێنجەم پاشای ئیسپانیا لەلایەکەوە و وڵاتانی هاوپەیمانەتی مەزن لەلایەکی ترەوە لە ڕۆژی ١١ی ئاپریلی ١٧١٣دا واژۆ کرا. ئەو پەیماننامەیە کە لە لایەن وڵاتانی ئیسپانیا، بەریتانیای مەزن، فەرەنسا، پورتەگال و کۆماری هولەند واژۆ کرا، خاڵی کۆتایی فراوانخوازییەکانی لویی چواردەهەم و پووچەڵکردنەوەی خەونی فەرەنسا بۆ داگیرکردنی ئورووپا بوو و سیستەمی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی لەسەر بنەمای هاوسەنگیی هێزەکان پاراست. لەم بارەوە بڕوانە: ویکیپدیا (فارسی)، قرارداد اوترخت:

[قرارداد اوترخت - ویکی‌پدیا، دانشنامهٔ آزاد(wikipedia.org)]

٥. گراهام ایوانز و جفری نونام، همان، لل صص ٧٧ و ٧٦.

٦. ارگانسكي، اي، اف.ك(1348). **سياست جهان**، ترجمه حسين فرهودي، تهران: بنگاه ترجمه و نشر كتاب 1348، ص ٣٦٤.

٧. جيمز دوئرتي و رابرت فالتزگراف، همان صص ٦٥-٦٨.

٨. بۆ نموونە سەیری ئەو سەرچاوە بکە: مورگنتا، هانس. جی(1384). **سياست ميان ملتها**، تجديد نظر: كنت دبلو. تامپسون، ترجمه: حميرا مشيرزاده، تهران: وزارت امور خارجه، دفتر مطالعات سياسی و بين‌الملل، ٢٨٩.

9. Waltz. Kenneth. N,( 2000).”Structural Reallism after the Cold War”, **International security**, No 1,p:28, Available ate:

http://www.columbia.edu/itc/sipa/U6800/readings-sm/Waltz_Structural%20Realism.pdf

١٠. لەو بڕوایەدام ئەوەی هەندێ کەس وەک هاوسەنگیخوازیی یەکیەتیی ئورووپا بەرامبەر واشنتۆن ناوی لێ دەبەن، نەک هەوڵدان بۆ جێگیرکردنی هاوسەنگی، بەڵکوو هەوڵی ئەو یەکێتییە بۆ چەسپاندنی ڕێبەرایەتی ڕاوێژکارانەی ئامریکا. مەبەستم ئەوەیە کە وڵاتانی ئورووپا لە ئێستادا لەگەڵ ڕابەرایەتی واشنتۆن کێشەیان نییە، بەڵکوو لەگەڵ جۆری ڕابەرایەتییەکەی کێشەیان هەیە. بە واتایەکی تر، وڵاتانی ئەورووپی دان بە ڕابەرایەتی ڕەوای ئامریکادا دەنێن (وەک ئامریکای سەردەمی کلینتۆن یان ئۆباما)، بەڵام ئیمپراتوریەتی ئامریکا (وەک ئامریکای سەردەمی جۆرج دەبلیۆ بۆش) و ئامریکایەکی گۆشەگر کە هەوڵی دابڕان لە جیهان بە گشتی و لە ئورووپا بەتایبەتی بدات (وەک ئامریکای سەردەمی ترامپ) ڕەت دەکەنەوە. ئەوان ئامریکایەکی ڕابەریان دەوێت کە سەبارەت بە کاروباری جیهانی ڕاوێژیان لەگەڵ بکات و لە جێبەجێکردنی سیاسەتەکاندا بەشداریان بکات. ئەندامانی ئەو یەکێتیە بەتایبەت لە سەردەمی جوج دەبلیو بۆش (کە بە خوێندنەوەی ئەورووپییەکان لە ڕێگای میلیتاریزەکردنی سیاسەتی جیهان و هێرش بۆ سەر ئەفغانستان و عێراق لە هێژمۆنییەوە بەرەو ئیمپراتوریەت هەنگاوی دەنا) و دۆناڵد ترەمپدا (کە بە سیاسەتی مێرکانتیلیزمی ئابووری و هەروەها چوونەدەرەوە لە پەیماننامە نیونەتەوەییەکان بەرەو ناسیونالمیزمی ئامریکی ڕۆ دەچوو)، هەوڵی داوە بە پەنابردن بۆ دوو سیاسەت، واتە "سیاسەت بەرامبەر ئامریکا" و "سیاسەتی هاوکاری مەرجدار" لە دارشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی ئەو وڵاتەدا بەشدار بن. سیاسەت بەرامبەر ئامریکا بەو واتایە دێت کە ئورووپا نە دژی ئامریکا و نە پاشکۆی ئەو وڵاتەیە، بەڵکوو پێویستە لە دەرفەت و تواناکانی خۆی بۆ گێڕانی ڕۆڵ لە کاروباری نێونەتەوەیی و کاریگەریدانان لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئامریکا کەڵک وەربگرێت. بەپێی ئەم ڕوانگەیە، پێویستە ئورووپا هەوڵەکانی بخاتە گەر بۆ ئەوەی ئامریکا بەرەو گێڕانی ڕۆڵی هێژمۆنیی لیبرال ببات، بە جۆرێک کە ئامریکا ڕەچاوی خواست و بەرژوەندییەکانی باقی وڵاتان بکات و وێڕای دابینکردنی بەرژوەندییەکانی خۆی، وەک دارێژەر و دابینکەری تەکووز [نەزم] و سەقامگیری نێونەتەوەیی ڕەفتار بکات. سیاسەتی هاوکاریی مەرجداریش بەو مانایە دێت کە پێویستە بۆ واشنتۆن هەندێ مەرج دابنرێت بەرامبەر پاڵپشتی لە ئامانج و سیاسەتەکانی ئەو وڵاتە.

١١. اميراحمديان، بهرام(1386).« سپر دفاع موشکي يا جنگ سرد جديد»، **فصلنامه مطالعات آسياي مرکزي و قفقاز**، سال شانزدهم، دوره چهارم، شماره 60ف زمستان، ص ٤٣.

١٢. اوون چهارم، جان. ام (1383). «ليبراليسم فراملیتي و برتري آمريکا با ملاطفت و نرمش آمريکا در نگاه بيننده»، در جان ايکنبري، **تنها ابر قدرت: هژمونی آمريکا در قرن ٢١**، ترجمه: عظیم فضلی پور، ، تهران: انتشارات موسسه فرهنگی مطالعات و تحقیقات بین المللی ابرار معاصر تهران، ١٣٨٢، ص ٣٤٦.

١٣. جان ايکنبري، همان، ص ٢٠.

14. Waltz, Ibid, p: 37.

١٥. بەڵام تەنانەت بەشێک لە بیرمەندانی ڕیالیزم، بۆ نموونە کراسنێر، گیلپین و کیوهێن لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا نین. ئەوان پێیان وایە هێژمۆنی تاقە وڵاتێک بەسەر هەموو جیهاندا دەبێتە هۆی سەقامگیری و ئاشتی و ئاسایش لە جیهاندا. هەر لەسەر ئەم باوەرە، تیۆری سەقامگیریی هێژمۆنیک ( Hegemonic Stability) دەڵێت تەنیا یەک ڕێگا بۆ جێگیربوونی ئاشتی و سەقامگیریی لە جیهاندا هەیە و ئەویش هەبوونی دەوڵەتێکی هێژمۆنە لە جیهاندا. ئەو تیۆرە کە یەکەم جار چارلێز کیندلبێرگێر باسی لێ کرد، بە هەلومەرجێک لە سیستەمی نێونەتەوەییدا دەوترێت کە تێیدا وڵاتێکی هێژمۆن کە لە بوارە جیاجیاکاندا باڵادەستە، لە شانۆی جیهانیدا هەبێت و لە ڕێگای بەرهەمهێنانی یاسا و ڕێسای بەهێزی نێونەتەوەییەوە، سەقامگیری و ئاشتی بپارێزێت و ببێتە هۆی ئەوەی وڵاتانی جیاواز ڕێز لەو یاسا و ڕێسایانە بگرن. بۆ خوێندنەوەی زیاتر لەم بارەوە بڕوانە ئەو سەرچاوانەی خوارەوە:

- V. Helen .Milner(1998).”International political economy:beyond hegemonic stability”, **foreign policy**, NO 110, spiring, p:16, Available ate: https://www.jstor.org/stable/1149280

- مشیرزاده، حمیرا(1386). **تحول در نظریه‌های روابط بین‌الملل**، تهران: انتشارات سمت، چاپ سوم، بهار، صص ١٢١-١٢٥

- Scheidel, walter(2006).”Republics between hegemony and empire:How ancient city-states built empires and the U. S. A doesn’t (anymore)” , **Princeton/Stanford working pupers in classics Stanford university**, version 10, February, See p: 4, available at: https://www.academia.edu/3166613/Republics_between_hegemony_and_empire_How_ancient_city_states_built_empires_and_the_USA_doesnt_anymore_Walter_Scheidel_Stanford_University_Version_1_0_February_2006_1_Problems_of_definition

-Hunter Wade,Robert(2002),"U.S Hegemony and The World Bank:The Fight Over People and Ideas" **, Review of International Political Economy**,vo 9, NO. 2,May 01,002, p215, Available ate:
https://www.tandfonline.com/doi/abs/10.1080/09692290110126092

١٦. لێرەدا بە ئەنقەست دەستەواژەی "هاوسەنگی"م بەکار هێناوە نەک فرەجەمسەری، چونکە لە ڕوانگەی ڕیالیستەکان و بە تایبەت ڕیالیستە نوێیەکانەوە هاوسەنگیی هێز بەو واتایە نییە کە سیستەمی نێونەتەوەیی ببێتە فرەجەمسەری، لە ڕوانگەی ئەوانەوە ئەو جۆرە سیستەمەش ناسەقامگیرە. مەبەست لە هاوسەنگیی هێزەکان بە جیهانێک وەک سیستەمی سەردەمی شەڕی سارد دەوترێت کە پێکهاتەیەکی دوو جەمسەرییە کە زلهێزەکان یەکتری لە حاڵەتی هاوسەنگدا دەهێڵنەوە. بە گشتی لە نیو ڕیالیستەکاندا ئەو

کۆدەنگییە هەیە کە بەرامبەر وڵاتی هێژمۆن هاوسەنگی دێتە ئاراوە، هەرچەندە ناڵین کەی ئەو هاوسەنگییە جێگیر دەبێت و کاتەکەی گرێ دەدەنەوە بە بارودۆخی نێوخۆیی و نێونەتەوەییە.